# * دوو دەستی پڕ لە دوکەڵ *

بەباڵە فەرزەندەییەکانی چ حیکمەتێك گەڕایتەوە
کە تۆ زەمەن هەڵی لوشیت و
تەسلیمی مەرگی کردبووی ؟
چ جادوویەکت لەزەمەن کردو،
خۆت خزاندە نێو پێچە پڕ لەنهێنییەکانی ژیان؟
تەنها بۆ ماچ و لەباوەشگرتنێکی دایکم
کە موددەتێکە لەچاوەڕوانی ئەم ژووانەدا
خەریکی هۆنینەوەی بسکی درێژی قەسیدەیەك بوو!
دایکم...هەر لەگەڵ دەرکەوتنی دەموچاوە پڕ لەنوورەکەت
وەك عاشقێکی گڕگرتوو،
خۆی فڕێدایە نێو جیهانی پڕ تەلیسمی باوەشتەوە.
تۆش گوشیت..توند گوشیت..وەك ئەوەی یەکەم ژوانتان بێت
دەستیت گرت و بردت ..بردت..بردت
تا چوونە دەروازەی ئەم سڕەی کە پێی دەڵێن ((مەرگ)).

{باوکم کە مرد،هەستم بەهەتیوی و تەنیاییەکی لەڕادەبەدەر کرد.بەڵام بەمردنی دایکم هەستم بەنەمانی حەنینێکی زۆر مەزن کرد}

دەستێکم پڕ لەدوکەڵە و
ئەویتریشیان پڕ لەهەور
لەسەر گۆڕی پرسیارێکدا خەریکم دوایین سورەتی ماڵئاوایی ئەخوێنم.
خەریکم دوایین قەسیدەم ئەنێمە نێو قەبرەوە.
ئەمە سەفەری چیرۆکی بێکۆتایی هەستە
چیرۆکی سەفەری بێکۆتایی خۆشەویستی و ترسە
کۆتایی سەفەری ماچە
سەفەری کۆتایی شیعرێکی عاشقە
کەهیچ خودا و پێغەمبەرێك نەیانتوانی چۆکی عەشقی پێدابدەن!
من دوو مۆمی داگیرساوم لەژوور سەری هەڵاڵەیەك

تەسلیم بە ڕەشەبایەك كرد
من مەشخەڵێك لەمیهرەبانیم دا بە خاك
من ڕوباریێك خۆشەویستیم لێ وون بوە و
دڵنیام لەوەی جاریێكی تر نە سەفەر و
نە ماچی پڕڕ لەئەڤین و
نەترس و نەخوا و نەعەشق ئەیدۆزنەوە و
نەكۆڵانە پڕ لە ڕوداو و كارەساتە گەورەكان ئەیناسنەوە.
ئەم هەفتەیە پەنجەرەیەك لە ئەوینم خستە بەردەم باڵندەكانی غوربەتم
من گەڵایەك لەگومان و
من درەختێك لە باران و
دارستانێك لەنهێنیم تیا شاردەوە.
نهێنی گەڕان بەدووی هەور و خۆ وونكردن لەنێو دوكەڵ
نهێنی هەست بەئەمان كردن لەنێو قەبر
نهێنی بوون بە پێغەمبەر و یاری كردن بەعەشق
نهێنی بوون بەشاعیر و گرتنی ((girl friend)) لە دەریا.
ئاییی..مردن جەللادی سەرجەم خەونەكانە
مردن كۆتایی خوێندنەوەی شیعر و
جەنگە لەدژی گوناهەكان
مردن ناشیرینترین ئاكاری سروشتە و ...بمرێ مردن!.

2005–04–14
ڤانكۆڤەر/كەنەدا

تێبینی/مەبەست لە (( girl friend )) گرتنی كچی هاوڕێیە وەك خۆشەویست و دڵدار.